Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090424

# خودكارایی ئەكادیمی لای خوێندكاران و پەیوەندی بە ئاڕاستەیان بۆ پسپۆڕی خوێندنیان لە زانكۆی كۆیە بۆ ساڵی خویندنی 2021-2022.

شەهێن رۆوف عولا                    كاوە علی محمد

بەشی پەروەردەو دەروونزانی// فاكەڵتی پەروەردە// زانكۆی كۆیە

*Article Info*

Received: September , 2022
Accepted : November ,2022
Published :December , 2022

*Keywords*

**خودكارایی ئەكادیمی، ئاڕاستە بۆ پسپۆڕی، خوێندكارانی زانكۆ.**

*Corresponding Author*

shahen.rawf@koyauniversity.org
kawa.ali@koyauniversity.org

**پوختە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە،بریتییە لە ئاشكراكردنی خودكارایی ئەكادیمی خوێندكاران ،دۆزینەوەی ئاڕاستەی خوێندكاران سەبارەت بەپسپۆڕی خوێندنیان. ئاشكراكردنی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری خودكارایی ئەكادیمی و ئاڕاستە بۆ پسپۆڕی خوێندن بەپێی گۆڕاوەكانی(ڕەگەز،پسپۆڕی خوێندن،قۆناغی خوێندن، داهاتی مانگانەی خێزان) هەروەها ئاشكراكردنی پەیوەندی نێوان خودكارایی ئەكادیمی وئاڕاستە بۆ پسپۆڕی خوێندن لای خوێندكارانی زانكۆیی كۆیە. ڕێبازی توێژینەوەی وەسفی(پەیوەندی)و(بەراوردكاری) بەكارهێنراوە.كۆمەڵگایی توێژینەوەكە پێكهاتووە لەسەرجەم خوێندكارانی زانكۆی كۆیە لەقۆناغی(1-2-3-4)دەوامی بەیانیان بۆساڵی خوێندنی (2021-2022) ژمارەیان (4316) نموونەی هەڵبژێردراو(647)خوێندكارە بەشێوەیەك(356)خوێندكاری نێر(291) خوێندكار مێ،بەشێوەی هەرەمەكی چینی گونجاو هەڵبژێردرابوون،ئامرازی كۆكردنەوەی زانیاری ڕاپرسیە توێژەر خۆی ئامادەی كردوە بۆهەردووگۆڕاوەكە،لەگرنگترین ئامرازە ئامارییەكان (Test of normality،One way ANOVA،T–Test، Person,Mean,SD) ئەنجامەكان دەریانخست خودكارایی ئەكادیمی لەئاستێكی بەرزدایە،جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدیدەكرێت لە ئاستی خودكارایی ئەكادیمی بەپێی ڕەگەز ئەو جیاوازیەش لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێیە،جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدیناكرێت لەئاستی خودكارایی ئەكادیمی بەپێی گۆڕاوەكانی پسپۆڕی خوێندنی زانستە(مرۆیی و سروشتی)یەكان وگۆڕاوی قۆناغی خوێندن وگۆڕاوی داهاتی مانگانەی خێزان،خوێندكاران ئاڕاستەیەكی ئەرێنیان هەیە بۆ پسپۆڕی خوێندنیان،جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدیدەكرێت لەئاڕاستەی خوێندكاران بۆ پسپۆڕی خوێندنیان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزجیاوازییەكەش لەبەرژەوەندی ڕەگەزی مێیە،جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدیدەكرێت لەئاڕاستە بۆ پسۆڕی خوێندن بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی خوێندن و قۆناغی خوێندن،جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدیناكرێت لەنێوان خوێندكاران لەئاڕاستەیان بۆ پسپۆڕی خوێندنیان بەپێی گۆڕاوی داهاتی مانگانەی خێزان، پەیوەندییەكی ڕاستەوانی ناوەند هەیە لەنێوان خودكارایی ئەكادیمی و ئاڕاستە بۆ پسپۆڕی خوێندن.

**پێشەکی:**

**1. کێشەی توێژینەوە**

لەمیانەی ئەو سیمینارانەی لەبواری پەرەپێدان بە تواناکان بۆ خوێندکارانی زانکۆ ئەنجامدەدرا تێبینیمان کردوە ئەو پرسیارانەی لە خوێندکاران کراوە دەربارەی بەگەڕخستنی تواناکانیان لە وەڵامدا خوێندکاران دەڵێن لە ئێستادا هەرچیەك بزانیت وهەرچەند کارابیت لە کۆتایدا بەدەستی بەتاڵ دەمێنیتەوە، واتا بیرکردنەوەیەکی نەرێنی سەبارەت بە تواناکانی خۆیان و بەگران ڕووانین لەبارودۆخەکان هەمیشە باس لەنمونەی شکستەکان دەکەن، لەلایەکی ترەوە سەبارەت بە جێبەجێکردنی ئەرکە زانستییەکانیان و دەرچوون لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغی دواتر ئەوەی تێبینی دەکریت ژمارەی خوێندکاران ساڵ بەساڵ لە دەوری دووەم ڕوو لە زیاد بوونە و بەگەڕانەوە بۆ ڕێبەری دەرچوونی خوێندکاران کە ساڵانە زانکۆ دەریدەکات ئەوە دەرکەوتوە کە ئاستی خوێندکاران بەگشتی باڵا نیە زۆربنەیان لە ئاستی ناوەند و باشدایە،مامۆستایانی زانکۆ گلەی نەبوونی چالاکی زانستی دەکەن لە خوێندکارەکانیان وەك ڕاپۆرتی زانستی و پێشکەشکردنی سیمینار، هەندێکجار باس لەوە دەکرێت فێرخوازان کەلوپەلی سادە وەك تێنوس وپێنوسیان پێنییە، لەناو خوێندکاران ڕێژەی ئامادەنەبوونی بەکۆمەڵ ساڵانە ڕوو لە زیاد بوونە،کە زۆرێك لە بیردۆزەکان جەختیانکردۆتەوەلەسەر ئەوەی تەنها تەمەن و توانا عەقڵییەکان مەرجی فێربوون نین بەڵکو پابەندبوون بە سیستەمی خوێندن لە زانکۆ مەرجە بۆ فێربوون و وەرگرتنی کارامەییە جۆراو جۆرەکان(الجبوري,2013: 5). خوێندکاران زۆر جار گلەی ئەوە دەکەن لە پسپۆڕی خۆیان ڕازی نین و حەزیان لەو بەشە نەبووە کە لێی وەرگیراون، بەڵام بەهۆکاری ئەوەی مەرجی نمرە پێشەنگە بۆ وەرگیران لە پسپۆڕیە جیاوازەکان نەك حەزوتوانای خوێندکاران، ئەوەش لە کاتێکدایە کە خۆشەویستی خوێندکار بۆ پسپۆڕی خوێندن بوونی ئاڕاستەیەکی ئەرێنی بۆ پسپۆڕیەکەی پەیوەندییەکی بەرزی هەیە بە دەستهێنانی ئەکادیمی(صوالحة و الزوعبي,2012: 422)خوێندن لە زانکۆ لە پسپۆڕیە جیاوازەکان وەك پێگەیاندنی خود و وەرگرتنی کارامەیی جیاوازەکان و قوڵبوونەوە لە بابەتێکی دیاریکراو سەیر ناکرێت ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت خوێندکاران بەشێوەیەکی گشتی ئاڕاستەیەکی نەرێنیان هەیە بۆ پسپۆڕی خوێندنیان.

**2. گرنگی توێژینەوە:**

بەرزی ئاستی خودکارایی ئەکادیمی زیادبوونی مەعریفەو کارامەیی پێویستە بۆ سەرکەوتن لەهەڵسەنگاندنە جۆراو جۆرەکانی خوێندن و خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەی خوێندنی زانکۆ بە تایبەت لەقۆناغی یەکەم بەرزی ئاستی خودکارایی ڕێگری دەکات لەدۆران بەرامبەر ئەزموونەکان کەڕۆژانە پێیدا تێدەپەڕێت (شلول،2020 : 191) لە توێژینەوەی (جبوری.2013)شدا ئەوە دەرکەوتبوو بوونی خودکارایی کاریگەریەکی ئەرێنی هەیە لەسەر تەندروستی تاکەکان بە تایبەت تەندروستی دەروونیان وا لەتاك دەکات بەشێوەیەکی ئەرێنی وگەشبینانە لەداهاتویان بڕوانن ( جبوری،2013 : 141) هەبوونی خودکارایی ئەکادیمی واتە هەبوونی پاڵنەری زانەکی وا لە خوێندکاران دەکات باوەڕێکی کارای هەبێت لە بەدواداچوون و پەرەدان بە خۆی وگەیشتن بە ئامانجەکانی بەسەرکەوتوانە یان هەوڵدانێکی دروست بۆ ئەوەی بگات بەو شتانەی کەسانی تر پێش ئەو پێی گەیشتون چونکە بەهۆی خودکاراییەکەیەوە پاڵنەری ئەرێنی هەیەو بەردەوام بۆ سەرکەوتن ئاڕاستە دەکرێت (مصطفى،2015 : 96). یەکێکیتر لە گۆڕاوەکانی ئەم توێژینەوەیە ئاڕاستەیەوگرنگی ئاڕاستەی خوێندکاران لەوەدایە دەکرێت خوێندکار لەبەدواداچونی ئامانجەکان و دانانی پلانی باش و تەندروست ڕێکخستنی ئەزموونەکان پشتی پێببەستێت، پسپۆڕی خویندن لە ژیانی ئەمڕۆدا بەبابەتێکی گرنگ سەیر دەکرێت لای فێرخوازانی زانکۆ چونکە وا لێکدەدرێتەوە بەهۆی پسپۆڕی خوێندنەوە دەتوانی پیشەیەك بدۆزێتەوە بژێوی ژیانی خۆی پێ دابین بکات( فضيلة، 2016 : 79-80) لەتوێژینەوەکەی (حەمەد،2016) توانی وەڵامی ئەوپرسیارە بداتەوە ئایا پەیوەندی هەیەلەنێوان دڵەڕاوکێی ئایندەوئاڕاستە بۆپسپۆڕی بەپێی پسپۆڕییە (زانستییەکان) و(مرۆڤایەتییەکان) لەئەنجامدا دەرکەوت ئاڕاستە بۆپسپۆڕی خوێندن ودڵەڕاوکێی ئاینده پەیوەندیەکی بەهێز هەیەلەنێوانیاندا دڵەڕاوکێی ئاینده لەپسپۆڕییە زانستییەکان بەرزترە بەراورد بەدڵەڕاوکێی ئاینده لەپسپۆڕییە مرۆڤایەتییەکان لای خوێندکاران لەزانکۆی نجرانی سعوديە( Hamad,2016 : 61 ).

**توێژەر گرنگی توێژینەوەکەی بەچەند خاڵێك دەخاتە ڕوو:.**

1- بایەخدانییەتی بەگۆڕاوەکانی خودکارایی ئەکادیمی و گۆڕاوی ئاڕاستە بۆ پسپۆڕی خوێندن لای خوێندکارانی زانکۆ بەپێی زانیارییەکانی توێژەر تاکو ئێستا توێژینەوەیان لەسەر نەکراوە .
2- بایەخدانییەتی بەچینی(خوێندکارانی زانکۆ) چینێکی هەستیارن واچاوەڕوان دەکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا بەرپرسیاریەتی جۆراو جۆر بگرنە ئەستۆ لەکۆمەڵگادا.
3- دەکرێت لایەنی پەیوەندیدار سودلە(ڕاسپاردە)کانی توێژینەوەکە وەربگرێت بۆ بەرزکردنەوەی خودکارایی ئەکادیمی ودروستکردنی ئاڕاستەیەکی ئەرێنی بۆ پسپۆڕی خوێندن لای خوێندکارانی زانکۆ.

**3. ئامانجەکانی توێژینەوەکە :.**

- ئاشکرا کردنی ئاستی خودکارایی ئەکادیمی خوێندکارانی زانکۆی کۆیە بەشێوەیەکی گشتی .

- ئاشکراکردنی ئاڕاستەی خوێندکارانی زانکۆی کۆیە سەبارەت بەپسپۆڕی خوێندنیان بە شیوەیەکی گشتی.

- ئاشکراکردنی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان خوێندکاران لەئاستی خودکارایی ئەکادیمیان و ئاڕاستە بۆ پسپۆڕی خوێندنیان بە پێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، پسپۆڕی خوێندن،قۆناغی خوێندن ، داهاتی مانگانەی خێزان).

- ئاشکراکردنی پەیوەندی نێوان خودکارایی ئەکادیمی و ئاڕاستە بۆپسپۆڕی خوێندن لای خوێندکارانی زانکۆیی کۆیە.

**4. سنوری توێژینەوەکە :.**

- سنوری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە سەرجەم خوێندکارانی زانکۆی کۆیە لەدەوامی بەیانیان قۆناغەکانی (1-2-3-4) بۆ ساڵی خوێندنی 2021 - 2022

**5. پێناسەکردنی زاراوەکان:.**

**5-1. خودکارایی ئەکادیمی (كفاءة الذات الأكاديمية) Academic self-efficacy:**

پێناسەی (ئەلبیرت باندۆرا، 1977) "کۆی باوەڕی تاکە لەچوارچێوەی تواناکانی لەسەر ڕێکخستن و بەجێگەیاندنی پرۆسە پێویستەکان و بەدواداچونی ئەنجامە دیاریکراوەکان،متمانە بوونی خوێندکارە بەتواناکانی لەسەر بەجێهێنانی کارە ئەکادیمییە جیاوازەکان " ( Bandura,1989 : 1175 ) .

**پێناسەی ڕێککاری بۆ خودکارایی ئەکادیمی :** تێکرایی ئەو نمرەیەیە کە ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەکە بەدەستی دەهێنن دوای وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوانەی خودکارایی ئەکادیمی کە لەم توێژینەوەیە بەکارهاتووە.

**5-2. ئاڕاستە (إتجاه) Attitude :**

**پێناسە (2015,APA dictionary )** "هەڵسەنگاندنێکی بەردەوام و گشتییە تاك بۆ کۆمەڵەکەی یان کێشەیەك یان ڕەهەندێك یان چەمکێك دەیکات بە شێوەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی، ئاڕاستە پێدانی کۆی ئەو هەڵسەنگاندنەیە بۆ بابەتێکی دیاریکراو یەکدەگرێتەوە لەگەڵ باوەڕو سۆزە تایبەتیەکانو ڕەفتارەکان لەڕابردوویدا" ( Hay&Others , 2015:88 ).

**پێناسەی ڕێکاری ئاڕاستەی خوێندکاران بۆ پسپۆڕی خوێندنیان:** تێکرایی ئەونمرەیەیە کە ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەکە بە دەستی دەهێنن دوای وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوانەی ئاڕاستەی خوێندکاران بۆ پسپۆڕی خوێندن کە لەم توێژینەوەیە بەکارهاتووە.

**6. چوارچێوەی تیۆری و توێژینەژینەوەکانی پێشوو:.**

**1-6. خودکارایی ئەکادیمی ( Academic self-efficacy)**

**چەمکی خودکارایی:** ئەم چەمکە سەرەتای دەرکەوتن و بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ زانای بەناوبانگ (ئەلبێرت باندۆرا)لەچوارچێوەی بیردۆزی زانەکی کۆمەڵایەتی، ئەم بیردۆزە پێیوایە هەستکردن بەخودکارایی کاریگەری دەبێت لەسەر جۆرە جیاوازەکانی ڕەفتار ئەمەش یارمەتیدەرە لەهەڵبژاردنی چالاکییەکان وئامانجە گرنگەکان، خودکارایی بڕوابوونە بەتواناکان لەسەر بەدەستهێنانی گرنگ لەژیاندا، باندۆرا واخودکارایی دەناسێنێت کەبیرورای تاك دەنوێنێت سەبارەت بەتواناکانی لەڕێکخستن وجێبەجێکردنی پلانەکان و داواکارییەکان و ئامانجەکان و بەدواداچوونیان (Bandura,1982: 122). پێی وایە خودکارایی توانای تاکە لە بەدواداچوون بۆکارە جیاوازەکانی پەیوەست بەمامەڵەکردن بۆ ئایندە و زانینی پەیوەندی نێوان بڕیارە تاکییەکانی و ڕەفتارە پاشکۆکانی (Bandura,1977: 191).

**پێکهاتەکانی خودکارایی:**

- پێکهاتەی زانەکی: واتە قەبارەی زانیارییەکانی تاك کە درکی پێکراوە لە بابەتی لێهاتووی و کاراییەکەی بوونی وشیاری خودی بە بابەتەکان و بۆچونەکان.
- پێکهاتەی ڕەفتاری : قەبارەی کارامەییەکان کە تاك وەریگرتووە یان هەیبووە لەکاتی مامەڵەکردن لە هەڵوێستەکان.
- پێکهاتەی ویژدانی: واتە ئاڕاستە بۆ بابەتێك بەشێوەی ئەرێنی وە پرۆسەی پەسەندکردنی بابەتەکەپەیوەست بەبەرزکردنەوەی خودکاراییوپەیوەندی بە دەوروبەر. (علي,2018: 9).

**تایبەتمەندیەکانی خودکارایی:**

کۆمەڵێك بیرۆکەو بڕیار و زانیارییە لە ئاستی تواناو هەستەکانی تاك، متمانەی تاکە بەسەرکەوتن لە ئەنجامدانی کارەکانیدا.هەبوونی پاڵنەرە لە بارودۆخە جیاوازەکاندا،خودکارایی گەشە دەکات لە کارلێکی تاك لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر ئەوەش ڕاهێنان و ئەزمونکرد ن و وەرگرتنی شارەزایی جۆراو جۆرە، خودکارای تەنیا پەیبردن و پیشبینی نیە بەڵکو پێویستی بەگەڕخستنی تواناو بەدواداچوونی ئامانجە خواستراوەکانە ( Cynthia&Bobko,1994: 364 ).

**سەرچاوەکانی خودکارایی:**

**1-** شارەزابوون بەوپەڕی دڵنیایی/Mastery experience: ئەو تاکانەی پشت دەبەستن لەسەر ئەو دەستکەوتانەی ئەنجامیانداوە لەسەر خودکاراییان وەك سەرچاوەی زانیاری بەکاری دەهێننەوە لەکارامەیی و بڕیارە خودییەکانیان خودکارایش باشترین پێشبینیە بۆ دەستکەوتی ئایندەی تاك(Maddux,1995: 81) .

**2- ئاڵوگۆڕی شارەزایی/Vicarious experience:** کاتێك تاکەکان ئەزموونێکی کەمیان هەیە لە پێشوو دا ئەوە بناغەی هەڵسەنگاندنەکەیانە بەخودکاراییەکەیان لەو زانیاریانەی هەیانە بۆیان قورسە وەك نموونەکەڕەفتاربکەن(Takata,1976: 87).

**3- ڕازیکردنی زارەکی/ Verbal Persuasion**: ئەوەش پەیوەستە بەگفتوگۆکردن بەلێزانینە دیاریکراوەکانی دەوروبەروئەوزانیاریانەی بۆتاکەکە دێت زارەکین ولەکەسانی تر وەری دەگرێت (Bandura,1977: 198).

**4- وروژێنەرە جەستەییەکان/Physiological arousal:** ئاماژەیە بەبارودۆخە ناوەکییەکانی تاك ئایا دەتوانێت بەدواداچوون بکات بۆئامانجەکانی یان ناتوانێت هەستەکان وچۆنیەتی بیرکردنەوە کاریگەری هەیە بەسەر خودکارایی وەك هەستکردن بە ماندووبون هۆکارێکە لەقورسی بەدەستهێنانەکان لەبەرئەوە کاردانەوەکان بۆ وروژێنەرەکان لەیەکتری جیاوازە (Bandura,2000: 76).

**6-2. چوارچێوەی تیۆری سەبارەت بە ئاڕاستە و بیردۆزەکان لەشیکردنەوەی ئاڕاستەکان:**

**یەکەم: تیۆری کۆمەڵایەتی:Social theory** لەڕوانگەی (باندۆرا) و تێبینیکردنەوە ئەو گرووپەی تاك ئینتما(هەست بەئەندامبوون)ی هەیە تێیدا ڕۆڵێکی گرنگ لەدروستبوونی ئاڕاستەکەی دەگێڕیت، فێربوونی

ئاراستە بە ستراتیژییەکانی تێکەڵبوون و لاسایکردنەوە گرنگترین رۆڵیان لە دروستکردنی ئاراستەکاندا هەیە (أبو مغلی& سلامة، 2002: 68). خێزان رۆڵێکی گەورەیان هەیە لەفێرکردنی ئاراستە بۆ منداڵەکانیان باوان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاراستەکانی خۆیان بۆ منداڵەکانیان دەگوازنەوە لەرێگای ئەو رێوشوێنانەی دەیخەنە بەردەم منداڵەکانیان وەك نمونە کۆمەڵایەتییەکان و بەهاکان (sears,1985: 401).

**دووەم بیردۆزی پەرشبوونی زانەکی Cognitive Dissonance theory:**

ئەم بیردۆزە دەگەڕێتەوە بۆ(Festinger)یەکێك بووە لەوزانایانەی گرنگی بەدەروونزانی کۆمەڵایەتی دا، فستینگەر ووتی باری پەرشبوون ناخۆشوڕەتکراوەیە لەلایەنی دەروونی لەبەرئەوە خەڵك هەوڵی کەمبوونەوەی پەرشبوونی دەروونی دەدەن. پەرشبوونیش دەکرێت کەمبکرێتەوە لەرێگای گۆڕینی باوەڕەکان و هەڵوێستەکان رەفتار بەرێوەدەبەن(Petty&Brinol,2012: 291).بارێکی مشەوەش بوون و هەستنەکردنە بەئاسودەیی ئەم بارەش دوو بیرۆکە یان زیاتر لەخۆدەگرێت لەیەك کاتدا دژ بەیەکن و رەفتارکردنێك پێچەوانەی بیرۆکەو بەهاکانە،(مجاهد،2019: ب.ص)،لەگەڵ ئەوەی قسەکردن و کاردانەوەکان و باوەڕی کەسەکان دەربارەی ترس و گومانەکان دەگۆڕێن لێرەدا بەهۆکاری پەرشبوونی زانەکی گواستنەوەی بیرۆکەکان دروست دەبێت کاردانەوەکان دەیانەوێت نوێنەری بیرۆکەکانی تاکەکەبن (Acharya & Others,2018:402). پەیوەندیەك هەیە لەنێوان پرۆسەی بڕیاردان و پەرشبوونی زانەکی کاتێك کۆمەڵێك شت لەبەردەم تاکێکدایە بۆئەوەی هەڵیبژێرێت لەناو چەند بژاردەیەك ململانێ دێتەکایەوە،ئەو پاڵەپەستۆیانەی بونیان هەیە تەنیا کورت نابنەوە لەپەرتبوونەکە بەلکوهەندی لایەنی تریش رۆڵیان هەیە وەك گرنگی بڕیارەکە،هێزی راکێشانی بابەتەکە (داود&حسین،ب.س: 87).

**پێکهاتەکانی ئاراستە:سێ پێکهاتەی گرنگ لە ئاراستەدا هەن کە بریتین لە:.**

- پێکهاتەی زانەکی Cognitive Component :ئەو بۆچوونانە دەگرێتەوە کەتاك باوەڕی پێیەتی لە چوارچێوەی بابەتێکی دیاریکراو و ئەوبیرو رایانەش دەربارەی هەندێك بڕیاری پەیوەست بەداهاتووی تاکەکە(الحلو و العکروتی،2004: 160).
- پێکهاتەی ویژدانی- سۆز Affective component:دەربڕینەهەڵچوونییەکان ئەرێنی بوون و نەرێنی بوونی ئاراستەکە دیاری دەکەن، پێکهاتەی هەڵچوونیش ئاماژەیە بۆ هەستی ناوەکی وەڵامدانەوە فسیۆلۆجییەکان سروشتی ئاراستە دیاری دەکات(محمد،2008: 18).
- پێکهاتەی رەفتاری Behavioral component:ئەوەش کاردانەوەکانی تاکەبۆ ئاراستەو بۆچوونی ئەوانی تر لەدەرئەنجامی ئەزموون کردن بۆ بابەتێکی دیاریکراو دروستبووە بە شێوەی رەفتاریی بەهێز کە تاکەکە خووی پێوە گرتووە وەك یارمەتیدانی خەڵك و بەخشین لە پرۆژە خێرییەکان(العتوم،2009: 198).

**7.توێژینەوەکانی پێشوو:**

**-توێژینەوەکان پەیوەست بە گۆڕاوی خودکارایی ئەکادیمی**

**1-7. توێژینەوەی حوراء عباس کرماش.2016, زانکۆی بابل, کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت:** بە ناونیشانی خودکارای ئەکادیمی درکپێکراو لای خوێندکارانی زانکۆ، ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بوو لەزانینی ئاستی خودکارایی ئەکادیمی بەشێوەیەکی گشتی لای خویندکارانی زانکۆ وزانینی خودکارایی ئەکادیمی بەگوێرەی گۆڕاوی رەگەز،قۆناغی خوێندن(دووەم، چوارەم)،رێبازی وەسفی بەراوردکاری بەکارهێنابوو،نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە(200)خوێندکار لە هەردوو رەگەز،ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بریتی بوو لەپێوانەی خودکارایی ئەکادیمی درکپێکراو،طه(2006)ی بەکارهێناوە لە(45)برگە پێکهاتووە،ئامرازەئامارییەکانی توێژینەوەکەی (Person, Independent Sample T test)،لەگرنگترین ئەنجامەکان خودکارای ئەکادیمی لای نموونەکە لە ئاستێکی بەرزدایە،جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنیوان خوێندکارانی نێرو مێ لەئاستی خودکارایی ئەکادیمییان،بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی خودکارایی ئەکادیمی بەگویرەی قۆناغی خوێندنی(دووەم-چوارەم)لای چوارەکان بەرزترە.

**2-7. توێژینەوەی عزیزة بسیونی محمد رمضان,2016, کۆلێژی چاوی رۆژی کچان,زانکۆی وڵاتانی عەرەبی, قاهرە،**بە ناونیشانی خودکارایی ئەکادیمی و پەیوەندی بە هۆکارەکانی رووبەڕوو بوونەوەی فشارە ئەکادیمییەکان لای خوێندکارانی قۆناغی زانکۆ. رێبازی توێژینەوەی وەسفی بەراوردکارییە نمونەی توێژنەوەکە بریتیە لە(300)خوێندکار لەهەردوو رەگەز و پسپۆڕی زانستی و ویژەی، قۆناغی یەکەم و چوارەم ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بریتی بووە لە پێوەری خودکارایی ئەکادیمی توێژەرئامادەی کردوە،لە3رەهەندو(20)برگە پێکهاتبو،پێوانەی هۆکارەکانی رووبەڕووبونەوەی فشارە زانستیەکان(26)برگەبوو بەسەر(3)رەهەند بەشکرابوو.لە گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە زانینی کاریگەریەکانی خودکارایی لەسەر بەرەودان بەهۆکارەکانی رووبەڕووبونەوەی فشارەئەکادیمییەکان،وزانینی جیاوازییەکان لەخودکارایی ئەکادیمی بەگوێرەی (جۆر، تەمەن،پسپۆڕی زانستی)،ئامرازە ئامارییەکان( Factor analyses, Person correlation, Split- half Cronbach alpha, T-test )ئەنجامی بەدەستهاتوو بوونی پەیوەندیەکی بەڵگەدارلەخودکارایی ئەکادیمی وهۆکارەکانی رووبەڕووبونەوەی فشارە زانستییەکان،بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان نیرومێ لەخودکاراییان،لای نێر بەرزترە،بوونی جیاوازی بەڵگەدار لەخودکارای ئەکادیمی وپسپۆڕی خوێندن لای بەشەزانستییەکان بەرزترە،بوونی جیاوازی لەنێوان خودکارایی ئەکادیمی لەقۆناغی یەك وچوار لەقۆناغی چوار خودکارای بەرزترە.

3-7. **توێژینەوەی ایلاف هارون رشید شلول،2020 زانکۆی ئەردەن:** بەناونیشانی خودکارایی ئەکادیمی پەیوەندی بەزیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی زانکۆ/ئەردەن،ئامانجی توێژینەوەکەی بریتی بووە

لەدۆزینەوەی ئاستی خودکارایی ئەکادیمی وئاشکراکردنی ئاستی زیرەکی هەڵچوونی،هەروەها دۆزینەوەی پەیوەندی خودکارایی ئەکادیمی بەزیرەکی هەڵچوونی. ڕێبازی وەسفی بەکارهێناوە، نمونەی توێژینەوەکەی967 خوێندکارلە هەردوو ڕەگەز لە زانکۆی ئەردەن،ئامرازی ئاماری بەکارهاتوو بریتی بوو پێوانەی خودکارایی ئەکادیمی30بڕگەبوو توێژەر ئامادەی کردەپێوانەی زیرەکی هەڵچونی سمیع2002 بەکارهێنابو،لەگرنگترین ئامرازی ئاماری(ناوەندی ژمێرەیی ولادانی پێوەری،هاوکێشەی پەیوەندی پێرسن) گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە خودکارای ئەکادیمی لەئاستێکی. ناوەند دایە،زیرەکی هەڵچونیش ئاستەکەی بەرزە،بوونی پەیوەندی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان خودکارای ئەکادیمی و زیرەکی هەڵچوونی.

**-توێژینەوەکان پەیوەست بە گۆڕاوی ئاڕاستە بۆپسپۆڕی خوێندن:**

**7-4. توێژینەوەی بوعمود فضیلة،2016، زانکۆی د. مۆلای طاهر، سەعیدە** ،بەناونیشانی ئاراستەی خوێندکاران بۆ پسپۆڕی خویندنیان. **توێژینەوەیەکی** مەیدانییە لەسەر نمونەیەك خوێندکاری زانستە کۆمەڵایە نییەکان لەولایەتی سەعیدە، ڕێبازی توێژینەوەی وەسفییە، نمونەی توێژینەوە پێکهاتووە لە 90 خوێندکار لە هەردوو ڕەگەز لە کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بریتی بوو لە ئاڕاستەی **خوێندکاران** بۆ پسپۆڕی **خوێندنیان** (حسن2013)ی بەکارهێنا(55) بڕگە (25) بڕگە ئەرێنی و(25)بڕگەنەرێنی( 5)بڕگەی دوبارە بۆ دەرخستنی وەڵامی ڕاست ، ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتی بوو لە زانینی ئاڕاستەی خوێندکاران بۆ پسپۆڕی خوێندنیان بەگوێرەی ڕەگەز و ئاستی خوێندن، ئامرازە ئامارییەکان بریتی بوون لە( independent sample t-test, ANOVA, Cronbach alpha, percent,) لە گرنگترین ئەنجامەکان بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لای خوێندکارانی زانکۆ لە ئاڕاستەبۆ پسپۆڕی خوێندنیان بەگوێرەی ڕەگەز، نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لای خوێندکارانی زانکۆ بۆ پسپۆڕی خوێندنیان بە گوێرەی ئاستی خوێندنیان.

**7-5. توێژینەوەی نزارعبد العريس البوش عبدالله 2018، زانکۆی قادسییەکۆلێژی پەروەردە،عێراق**،بەناونیشانی ئاڕاستەی خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردە بۆ پسپۆڕی خویندنیان،نمونەی توێژینەوەکە(100)خوێندکار لەهەردوو ڕەگەز(50)خویندکارلە پسپۆڕی زانستیەکان(50)خوێندکار لەپسپۆڕی زانستە مرۆییەکان ڕێبازی توێژینەوەکەی وەسفی بووە،ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بریتی بوو لە پێوانەی ئاڕاستە بۆ پسپۆڕی خوێندن (اسماعیل)ی بەکارهێناوە کە36 بڕگەی هەبووە بەسەر 3ڕەهەند دابەش بوون. گرنگترین ئامانجەکانی دۆزینەوەی ئاڕاستەی خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردە بۆپسپۆڕی خویندنیان. دۆزینەوەی جیاوازی ئاڕاستەی خوێندکاران بەپێی پسپۆڕی و ڕەگەز. ئامرازە ئامارییەکان(ناوەند ولادان لە ناوەند، تاقیکردنەوەی (ت)بۆ دەرخستنی جیاوازی نێرو مێ، ئەنۆڤا بۆ دەرخستنی جیاوازی پسپۆڕییەکان) ئەو ئەنجامانەی بەدەستهاتبوون دەرکەوت خوێندکاران ئاڕاستەیەکی ئەرێنیان هەیە بۆ پسپۆڕی خوێندنیان، بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەئاڕاستەی خوێندکاران بۆ پسپۆڕییان بە گوێرەی پسپۆڕیان لەبەرژەوەندی بەشە زانستییەکان،دەرکەوت جیاوازی بەلگەداری ئاماری نیە لەئاڕاستەی خوێندکاران بە پێی ڕەگەز.

## 8. ڕێکارییەکانی توێژینەوە:

8-1. ڕێبازی توێژینەوەی وەسفی (پەیوەندی)و(بەراوردکاری)بەکارهێنراوە.

8-2. کۆمەڵگای توێژینەوەکە: کۆمەڵگایی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە سەرجەم خوێندکارانی زانکۆی کۆیە لە قۆناغی (1-2-3-4) لە دەوامی بەیانیان بۆ ساڵی خوێندنی (2021-2022) کە ژمارەیان (4316) خوێندکارە. خوێندکاران دابەشبوون بەسەر (4) فاکەڵتی ئەو فاکەڵتییانە لە (24) بەش پێکهاتوون لەگەڵ (2) سکوڵ.

**8-3.نموونەی توێژینەوەکە:**

نموونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە(647) خوێندکار(356)خوێندکاری ڕەگەزی نێر و (291) خوێندکاری ڕەگەزی مێ ئەوەش دەکاتە ڕێژەی (15%) کۆمەڵگای نوێژینەوەکە بەشێوازی هەرەمەکی چینی گونجاو (Proportional stratified random sample)دیاریکرا.

**8-4. ئامرازەکانی توێژینەوە:**

یەکەم/ خودکارایی ئەکادیمی: لەبەر نەبوونی پێوانەیەکی گونجاو بە زمانی کوردی توێژەر هەڵسا بەئامادەکردنی پێوانەیەك بۆ گۆڕاوی (خودکارایی ئەکادیمی خوێندکاران) ئەم هەنگاوانە گیرانەبەر:

**ئەنجامدانی ڕاپرسی کراوە :**

توێژەر ڕاپرسیەکی کراوەی بۆ(50) خوێندکار لەفاکەڵتییەکانی پەروەردەو زانست و تەندروستی و ئەندازیاری و زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتیەکان و سکوڵی پەروەردەی وەرزشی ئەنجامدا، پرسیارەکە بریتی بوو لەبەڕایی بەڕێزت نیشانەکانی بوونی خودکارایی ئەکادیمی لای خوێندکاران چین ؟ دوای کۆکردنەوەی ڕاپرسیەکە توانی (39) بڕگە ئامادە بکات.

دووەم/ گەڕانەوە بۆ چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکانی پێشوو: توێژەر بۆ ئامادەکردنی پێوانەکەی گەڕایەوە بۆ توێژینەوەکانی پێشوتر توانی سود لە سێ پێوانەی توێژینەوەکانی پێشوو وەربگرێت کە بریتیبوون لە(توێژینەوەی(Sachitra &Bandara,2017 : 2323) توانی (4) بڕگەی لێوەربگرێت،هەروەها لە توێژینەوەی(العساسفة،2021: 411) توانی (3) بڕگەی لێوەربگرێت،و لە توێژینەوەی(شلول،2020: 191) (4) بڕگەی وەرگرت.

پیوانەکە بە شێوەی سەرەتایی دوای ئامادەکردنی بریتی بوو لە (50)بڕگە، پاشان ڕاستگۆی و جێگیری وتوانای جیاکاری بۆ ئەنجامدرا وبژاردەکانی ڕاپرسیەکە بریتین لە(بەردەوام وام، زۆرجار وام ، بە ئاستێکی ناوەند وام، کەمجار وام، هەرگیز وانیم).

**دیاریکردنی ڕاستگۆی :** ڕاستگۆی بریتییە لە بڕیاردان یان خەمڵاندنێك بۆ پێوانەیەك ، ئایا ئەوەی مەبەستیەتی دەیپێوێت لە بوارێکی دیاریکراودا( Swerdlik,2009: 172 ).توێژەر ڕاستگۆی ڕواڵەتی و ڕاستگۆی بونیادنانی بۆ پێوانەکەی ئەنجامدا،بۆ راستگۆی ڕواڵەتی پێوانەکە دابەشکرا بەسەر(25)شارەزا لەبوارەکانی ڕێگای وانەووتنەوە دەرونزانی

ڕێنمایی،دەرونزانی پەروەردەی،دەرونزانی تەندروستی،دەرونزانی کۆمەڵایەتی،فەلسەفەی پەروەردەی،دوای گەڕانەوەی پێوانەکە گۆڕانی بەسەرداهات تەنها ئەو برگانە مانەوە کە ڕێژەی ڕێکەوتن لەسەریان (90%)ژمارەی ئەو برگانەی مانەوە(33)وبرگەبوون (17) برگە لابران.

**دیاریکردنی جێگیری:** جێگیری پێوانەکە بەڕێگای (دووبارە جێ بەجێکردن و ئەلفا کرۆنباخ و بەنیوەکردن)ئەنجامدرا،جیگیری پیوانە بە شێوەی (Test-retest) لەڕێکەوتی (2021/11/18) بەسەر (40)خوێندکار دابەشکرا دوای تێپەڕبوونی (26)ڕۆژ لە ڕێکەوتی(2021/12/14) دووبارە پێوانەکە لەسەر هەمان نمونە جێبەجێکرایەوە، ئەو پەیوەندیەی لە نێوان ئەنجامدانی یەکەم و دووەم لەڕێگای هاوکۆلکەی پەیوەندی (پیرسن)دۆزرایەوە بریتی بوو لە(0.90) ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەرزی جێگیری پێوانەکە.جێگیری چونیەکی ناوەکی لەڕێگای ئەلفا کرۆنباخ کەبریتی بوو لە(0.87) ئەوەش جێگیرییەکی بەرزو گونجاوە. جێگیری بە ڕێگای بە نیوەکردن (split half) بریتی بوو لە (0.86) ئەوەش جێگریەکی گونجاوە. لە کۆتایدا پێوانەکە (33) برگە مایەوە.

**تو انای جیاکاری برگەکان:** دوای جێبەجێکردنی پێوانەکە لەسەر نموونەی سەرەتایی نمرەکان ڕیزکران لە نزمترین نمرە بۆ بەرزترین نمرە دواتر(27%)لەنمرە نزمەکانی وەرگرت بریتی بوون لە نمرەی(27)خوێندکارو(27%)لە نمرە بەرزەکانی وەرگرت بریتی بوون لە نمرەی(27)خوێندکار دوای بەکارهێنانی(Independent Sample T-Test)بۆ ئاشکراکردنی بونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی لەنێوانیان،دەرکەوت بەهای (t) (13.78) بوولەئاستی بەڵگەداری (0.000)بەنمرەی ئازادی(52)،لێرەدا جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی لەنێوان گروپەکان لەبەرژەوەندی کۆمەڵەی بەرز بەدیدەکرێت،ناوەندی ژمێرەیی (208.74)بە لادانی پێوەری (22.78)،بەراورد بەکۆمەڵەی نزم ناوەندی ژمێرەیی(139.48)بوو بە لادانی پێوەری(13.54)هەروەك لە خشتەی (1)دیارە.

خشتەی (1)

توانای جیاکاری بۆبرگەکانی پێوانەی خودکاراپی ئەکادیمی خوێندکاران

| پێوانە | کۆمەڵە | ژمارەی خوێندکاران | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (t) | ئاستی بەڵگەداری Sig | ڕێژەی هەڵە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاستی خودکاراپی ئەکادیمی | بەرز | 27 | 208.74 | 22.78 | 13.78 | 0.000 | 0.05 |
| | نزم | 27 | 139.48 | 13.54 | | | |

**دووەم/ پێو انەی ئاڕاستەی خوێندکاران بۆپسپۆڕی خوێندنیان :**

لەبەر نەبوونی پیوانەیەکی گونجاو بۆ گۆڕاوی ئاڕاستەی خوێندکاران بۆ پسپۆڕی خوێندنیان توێژەر پێوانەیەکی ئامادەکرد و ئەم هەنگاوانە گرتە بەر:

**ئەنجامدانی ڕاپرسی کراوە:** ڕاپرسیەکی کراوە بۆ(50)خوێندکار ئەنجامدرا لە فاکەڵتییەکانی پەروەردەو زانست و تەندروستی و ئەندازیاری و زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتیەکان و سکوڵی وەرزشی، پرسیارەکە بریتی بوو لە(وەك خوێندکارێکی زانکۆ ڕات چیە سەبارەت بەو بەشەی کە لێی وەرگیراویت ؟ ئایا بە باشی دەزانی یان خراپ ؟ بەچەند خاڵێك ڕوونی بکەوە ؟ )دوای کۆکردنەوەی ڕاپرسیەکە توانرا (44) برگە پرسیار دروست بکرێت.

**گەڕانەوە بۆ چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکانی پێشوو:** توێژەر بۆ ئامادەکردنی برگەکانی پێوانەکەی گەڕایەوە بۆ توێژینەوەکانی پێشوتر توانی سود لە دوو پێوانەی توێژینەوەکانی پێشوو وەربگرێت بریتیبوون لە: توێژینەوەی(فضيلة،2016: 83)توانی (4) برگەی لێوەربگرێت، هەروەها لە توێژینەوەی (مسية و مسية،2014: 112) توانی (2) برگەی لێوەربگرێت.

**دیاریکردنی ڕاستگۆی ( Validity ) : بەچەند ڕێگەیەك ڕاستگۆیی بۆ پێو انەکەی دەرهێنرا وەك :**

**ڕاستگۆی ڕواڵەتی:( Face-validity ):** باشترین هۆکار بۆ دڵنیابوون لەڕاستی برگەکان بۆ بەکارهێنانیان ئەوەیە کەچەند پسپۆڕێکی شارەزا خەملاندن بکەن بۆ ڕاستیەکەی لە پێوانەکردنی ئەو تایبەتمەندیانەی کە دەبێت بیپێوێت (Connell&others,2018: 1894) بۆ دیاریکردنی ڕاستگۆی ڕواڵەتی بۆ ئەم مەبەستەش پەنا برا بۆ ڕاوبۆچوونی شارەزایان و پێوانەکە خرایە بەردەستی (25) شارەزا لەو بوارە. ئەو شارەزایانە پێشنیاری دروستکردنی چەند برگەیەکی ڕەفتاریان کرد وەك برگەکانی(24،6) کەلە پێوەرەکە بە شێوەی کۆتای زیادکران و شارەزاکان پێشنیاری گۆڕانکاری بژاردەکانیان کرد بۆ (زۆر ڕازیم-ڕازیم-ڕام نییە-ڕازینیم-زۆرناڕازیم)، دوای کۆکردنەوەی فۆرمەکان بەپێی بۆچوونی شارەزایان تەنها ئەوبرگانە مانەوە کەڕێژەی ڕێکەوتن لەسەر مانەوەیان (90%) بوو بەم شێوەیە لەکۆی (50)برگە،(28)برگەلابران، گۆڕانکاری لە(15) برگەدا کرا،(7)برگە وەك خۆیان مانەوە. ڕێژەی سەدی ڕەزامەندی شارەزایان لەسەر برگەکانی پێوانەی ئاڕاستەی خوێندکاران بۆ پسپۆڕی خوێندنیان بریتی بوو لە (85.2).

**دیاریکردنی ڕاستگۆی بنیادنان:( Construct Validity )** ڕاستگۆی بونیادنان ئەنجامدرا بۆ پێوانەی ئاڕاستەی خوێندکاران بۆ پسپۆڕی خوێندنیان لەسەر نمونەی سەرەتای کە پیکهاتبوون لە (105) خوێندکاری نێرو مێ،بەکارهێنانی هەگبەی ئاماری بۆ زانستە

کۆمەڵایەتیەکان(SPSS) هاوکۆڵکەی پەیوەندی پیرسن(Person)لەنێوان برگەکانی پێوانە بەکۆی گشتی پێوانەکە دۆزیەوە.

**توانای جیاکاری برگەکان ( Discrimination ):** دوای بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری(Independent Sample T-Test ) بۆ ئاشکراکردنی بونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی لە نێوانیان لەئەنجامدا دەرکەوت بەهای (t) (17.86) بوو،لە ئاستی بەڵگەداری (0.000)بە نمرەی ئازادی (52) لێرەدا جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی لەنێوان گروپەکان لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی بەرز بەدیدەکرێت،کەناوەندی ژمێرەیی (212.51)بە لادانی پێوەری (13.65)،بەراورد بەکۆمەڵەی نزم ناوەندی ژمێرەیی (136.29)بوو بە لادانی پێوەری(17.47) وەك خشتەی (2)دیارە.

خشتەی (2)

توانای جیاکاری بۆبرگەکانی پێوانەی ئاراستەی خوێندکاران بۆ پسپۆڕی خوێندنیان

| پێوانە | کۆمەڵە | ژمارەی خوێندکاران | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای(t) | ئاستی بەڵگەداریSig | ڕێژەی هەڵە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خودکارایی ئەکادیمی | بەرز | 27 | 212.51 | 13.65 | 17.86 | 0.000 | 0.05 |
| | نزم | 27 | 136.29 | 17.47 | | | |

**دیاریکردنی جێگیری(Reliability ) سێ جۆر جێگیری بۆ پێو انەکە کراوە کە بریتین (دووبارە تاقیکردنەوە، کرۆنباخ ئەلفا. سپلێت هاڵف )**

یەکەم/ تاقیکردنەوە جێگیری پێوانەکە بەشێوازی(Test-retest) کاتێك پێوانەکە بەسەر نموونەی سەرەتای توێژینەوەکەدا جیبەجێدەکرێت، دوای ماوەیەك لە(سێ)هەفتە کەمتر نەبێت،دەبێت جارێکی دیکەبەسەریاندا جێبەجێبکرێتەوە چونکە لەوماوەیەداکەسەکە لەیادی دەچێت پرسیارکانی فۆرمەکەی بەچ جۆرێك وەڵام داوەتەوە ئەمەش بۆئەوەی فاکتەری یادەوەری ڕۆڵی لەجێگیری وەڵامەکاندا نەبێت (بۆکانی،2020: 157)بۆجاری یەکەم لەرێککەوتی(2021/11/18) پێوانەکە بەسەر(40 )خوێندکاری قۆناغی چواری بەشەکانی میدیکەڵ مایکرۆبایۆلۆجی وبەشی پەروەردەو دەرونزانی جێبەجێکرا،کەبەشێك بوون لەکۆمەڵگەی توێژینەوەکەوپێکهاتبون لەرەگەزی نێرومێ،توانرا دوای تێپەڕبوونی (26)ڕۆژ لەرێککەوتی (2021/12/14) دووبارە پێوانەکە لەسەر هەمان نمونە جێبەجێبکرێتەوە، دواتر پەیوەندی لە نێوان ئەنجامدانی یەکەم ودووەم لەڕێگەی هاوکۆڵکەی پەیوەندی پێرسن( Person )دۆزرایەوە، لەئەنجامدا دەرکەوت بەهای پەیوەندی نێوان ئەنجامدانی یەکەم و دووەم بریتیە لە( 0.91 ) ئەمەش پەیوەندیەکی بەهێزو ئاماژەیە بۆ ئەوەی جێگیری پێوانەکە بەرزە.

دووەم/ ڕێگای ئەلفا کرۆنباخ ( Cronbachs' Alpha) : بریتییە لەتێکرای هێزی پەیوەندیی لە نێوان هەموو لایەنەکان لەو بابەتەی یان توخمەی کە پێوانەی دەکەن واتە برگەکان لەناو خۆیاندا تاچەند تەواوکەری یەکترین و پەیوەندیان بەیەکترەوە هەیە (Taber,2018: 1281). لەبەر ئەمە پێوانەکە بەسەر (105) خوێندکاری نمونەی سەرەتایی دابەشکرا، ڕێژەی جێگیری بەم ڕێگایە بریتی بوو لە( 0.89)کە ئەمەش جێگیریەکی گونجاوە.

سێیەم/ ڕێگای کەرتکردنی نیوەی (Split- Half Method) : ڕێگایەك یان هۆکارێکی ئامارییە لە ڕێگای بەشکردنی پێوەرەکە بۆ دوو نیوەی یەکسان وە پێوانەکردنی هەردوو نیوەکە بە یەکسانی و لە ڕێگای بەراوردکردنی ئەنجامی هەردوو نیوەکە بەیەکسانی( Chakrabartty,2013: 2322) جێگیری پێوانەکە دەستنیشانکرا بە ڕێگای سپلێت هاڵف بۆ ئەو مەبەستەش دوای جێبەجێکردن پێوانەکە بەسەر نمونەی سەرەتایدا بەکارهێنانی هاوکێشەی پەیوەندی پیرسن(Person) دەرکەوت کە بەهای پەیوەندی بەشی یەکەم و دووەمی پێوانەکە بریتی بوو لە( 0.79)کە ئەمەش بە جێگیریەکی پەسەند ئەژمار دەکرێت لەبەر ئەوە پیرسن بۆ کەرتکردنی نیوەیی پێوانەکە بەکارهاتووە بۆیەلەڕێگای هاوکێشەی گیتمان(Guttmann) بەهای پەیوەندی پیرسۆن ڕاستکرایەوەو بوو بە( 0.88 )ئەمەش جێگیریەکی باشە.

**تایبەتمەندی پێوانەکە بە شێوەی کۆتایی:** پێوانەی (ئاراستەی خوێندکاران بۆ پسپۆڕی خوێندنیان ) بە شێوەی کۆتای لە (24) برگە پێکدێت،بژاردەی وەڵامدانەوەکان لەناوەرۆکی برگەکان بەجۆری پێنج بژاردە داڕێژراوە، واتە (5) بژاردە لەبەرامبەر برگەکان هەیە بریتین لە (زۆر رازیم-رازیم-رام نییە–رازنیم–زورنارازیم )،بەهای بژاردەکان بریتین لە(1،2،3،4،5)، بەهەمان ڕیزبەندی بەرامبەر برگە نەرێنیەکان نمرەکان پێچەوانەدەبنەوە.

**جێبەجێکردنی پێو انەکە بە شێوەی کۆتایی:** ڕێکەوتی (9-1-2022 ) دەستکرا بەجێبەجێکردنی پێوانەکانی توێژینەوەکە بەسەر نمونەی توێژینەوەکەدا،پێکهاتبون لە خوێندکارانی زانکۆی کۆیە لە دەوامی بەیانیان لەقۆناغی (1،2،3،4) ژمارەیان (647) خوێندکار بوو لەهەردوو ڕەگەزی نێرو و مێ بەڵام لەکۆتایدا تەنها(628)فۆرم بەدروستی بەدەست تویژەر گەیشتەوە،ئەنجامدانەکە لە ڕێککەوتی ( 24-2-2022) کۆتای هات.

**8-5. ئامرازە ئامارییەکان :**

سود لە پرۆگرامی( SPSS ) هەگبەی ئاماریی بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان ڤێرژنی (23)وەرگیرا بۆ بەکارهێنانی ئەم ئامرازە ئاماریانە( Guttman ، Person ،Spearman-Brown Correlation Coefficient،Sample T–Test،Independent Sample T-Test،Dependent ،One way ANOVA ،Test of normality ).

**9.خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان:**

**توێژەر لەم بەشەدا ئەنجامەکان بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو هەروەك لە خوارەوە خراوەتەڕوو:-**

1-9. زانینی ئاستی خودکارایی ئەکادیمی خوێندکارانی زانکۆی کۆیە بە شێوەیەکی گشتی، دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەبەکارهێنانی بەرنامەی هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان (SPSS) ئامرازی ئاماری( One Sample T-Test) بۆ بەراوردکردنی ناوەندەژمێرەیی نموونەی توێژینەوەکە بەناوەندی گریمانی پێوانەکە لەئەنجامدا دەرکەوت ناوەندەژمێرەیی بریتی بوو لە(137.38) بەلادانی پێوەری (19.55) و ناوەندی گریمانی(99) بەهای(T)بریتی بوو (49.19) لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.000)هەروەك لە خشتەی (3)،واتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدیدەکرێت و ناوەندەژمێرەیی گەورەترە لەناوەندی گریمانی ئەمەش ئەوە دەردەخات خودکارایی ئەکادیمی خوێندکاران لە ئاستێکی بەرزدایە.

خشتەی (3)

ئاستی خودکارای ئەکادیمی خوێندکاران لای نمونەی توێژینەوەکە

| پێوانە | ژ. نموونە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانی | نمرەی ئازادی | بەهای T | ئاستی بەڵگەداری | ڕێژەی هەڵە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خودکارایی ئەکادیمی خوێندکاران | 628 | 137.38 | 19.55 | 99 | 627 | 49.19 | 0.000 | 0.05 |

**2-9. ئاشکرا کردنی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان خوێندکاران لە ئاستی خودکارایی ئەکادیمیان بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز ، پسپۆڕی خوێندن ،قۆناغی خوێندن، داهاتی مانگانەی خێزان.**

1- **ئاشکرا کردنی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان خوێندکاران لە ئاستی خودکارایی ئەکادیمییان بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز:** دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری (Independent Sample T. Test ) لەبەرنامەی هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان(SPSS) ئەنجامدا دەرکەوت،ناوەندەژمێرەیی ئاستی خودکارایی ئەکادیمی ڕەگەزی نێر بریتییە (135.89)بە لادانی پێوەری (19.46)بەڵام ڕەگەزی مێ ناوەندەژمێرەیی گەیشتە (139.22)و بە لادانی پێوەری(19.64)هەروەها بەهای(T)بریتیەلە(2,12)لە ئاستی بەڵگەداری (0.03)بە نمرەی ئازادی (627)لێرەدا دەردەکەوێت بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی خودکارایی ئەکادیمی خوێندکاران بەدیدەکرێت و لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێیە،واتە ڕەگەزی مێ بەراورد بەڕەگەزی نێر ، خودکارایی ئەکادیمییان بەرزترە،وەك لە خشتەی (4)خراوەتە ڕوو.

خشتەی (4)

جیاوازی نێوان ئاستی خودکارایی ئەکادیمی خوێندکاران بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز

| ئاستی خودکارایی ئەکادیمی خوێندکاران | ڕەگەز | ژمارەی نموونە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای T | ئاستی بەڵگەداری | ڕێژەی هەڵە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | 344 | 135.89 | 19.40 | 627 | 2.12 | 0.03 | 0.05 |
| | مێ | 283 | 139.22 | 19.64 | | | | |

2- **ئاشکرا کردنی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان خوێندکاران لە ئاستی خودکارایی ئەکادیمییان بە پێی گۆڕاوی پسپۆڕی خوێندن** .دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری ( Independent Sample T. Test)لە ئەنجامدا دەرکەوت،ناوەندەژمێرەیی ئاستی خودکارایی ئەکادیمی لای خوێندکاران کەلە پسپۆڕی زانستە مرۆییەکان دەخوێنن (137.98)بەلادانی پێوەری (19.62) لە بەرامبەر ناوەندەژمێرەیی خوێندکاران کە لە پسپۆڕیی زانستە سروشتییەکان دەخوێنن(136.71)بەلادانی پێوەری (19.49) بەرامبەر بەهای (t) (0.81) لەئاستی بەڵگەداری (0.41)، واتا جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە هەرچەند ناوەندی ژمێرەی پسپۆڕییە مرۆییەکان بەرزترە لە پسپۆڕییە سروشتییەکان بەڵام ئەوجیاوازییە بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی خودکارایی ئەکادیمی خوێندکاران بەپێی پسپۆڕی خوێندنیان نێوان پسپۆڕیی زانستە مرۆیی و زانستە سروشتیەکان، هەروەك لە خشتەی (5).

خشتەی (5)

جیاوازی نێوان ئاستی خودکارایی ئەکادیمی خوێندکاران بە پێی گۆڕاوی پسپۆڕی خوێندن

| | پسپۆڕی خوێندن | ژ.نمونە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای t | ئاستی بەڵگەداری | ڕێژەی هەڵە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خودکارایی ئەکادیمی خوێندکاران | مرۆیی | 331 | 137.98 | 19.62 | 0.81 | 0.41 | 0.05 |
| | سروشتی | 297 | 136.297 | 19.09 | | | |

3- **ئاشکراکردنی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری  لە نێوان خوێندکاران لە ئاستی خودکارایی ئەکادیمییان  بە پێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن:**
دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری( One way Anova)لەبەرنامەی هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان (SPSS)لەئەنجامدا دەرکەوت،ناوەندەژمێرەیی ئاستی خودکاری ئەکادیمی لای قۆناغی یەکەم (138.84) بە لادانی پێوەری (20.19)،و ناوەندەژمێرەیی قۆناغی دووەم(137.62) بەلادانی پێوەری (18.99). ناوەندەژمێرەیی قۆناغی سێیەم(136.05) بەلادانی پێوەری (17.85). وناوەندەژمێرەیی قۆناغی چوارەم (136.98) بەلادانی پێوەری(21.14). هەروەها دەرکەوت بەهای (F)بریتیە لە (0.54) لە ئاستی بەڵگەداری (0.65) واتە هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی خودکارایی ئەکادیمییان بەدیناکرێت لە نێوان خوێندکاران لەقۆناغەکانی (یەکەم،دووەم،سێیەم،چوارەم).

4- **ئاشکراکردنی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری  لە نێوان خوێندکاران لە ئاستی خودکارایی  ئەکادیمیان  بە پێی گۆڕاوی داهاتی مانگانەی خێزان.**
دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری ( One way Anova) لەبەرنامەی هەگبەی ئاماری بۆزانستەکۆمەڵایەتییەکان (SPSS)لەئەنجامدا دەرکەوت، ناوەندەژمێرەیی ئاستی خودکاری ئەکادیمی بۆ داهاتی کەمتر لە(500.000)دینار (135.87) بەلادانی پێوەری (19.03)،ناوەندەژمێرەیی ئەو خوێندکارانەی داهاتی مانگانەی خێزانەکانیان لە (500.000)دینارتا(1ملیۆن)دینارناوەندەژمێرەیی(138.63)بەلادانی پێوەری (19.28).ناوەندە ژمیرەیی بۆداهاتی(1ملیۆن) دینارتا(1ملیۆن ونیو)دینار (135.42) بەلادانی پێوەری (20.12). و ناوەندەژمێرەیی بۆداهاتی سەرووی (1ملیۆن و نیو) دینار (139.28)بەلادادانی پێوەری (20.07) هەروەها دەرکەوت بەهای (F)بریتییە لە (1.40) لە ئاستی بەڵگەداری (0.23) واتە هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە داهاتی مانگانەی خێزان  و ئاستی خودکارایی ئەکادیمییان بەدیناکرێت.

**3-9. ئاشکراکردنی  ئاڕاستەی خوێندکارانی زانکۆی کۆیە سەبارەت بە پسپۆڕی خوێندنیان** . دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری(One Sample T-Test) لە بەرنامەی هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان (SPSS)بۆ بەراوردکردنی ناوەندە ژمێرەیی گرووپەکە بە ناوەندی گریمانی لە ئەنجامدا دەرکەوت  ناوەندەژمێرەیی بریتی بوو لە(86.07) بەلادانی پێوەری(15.91)وناوەندی گریمانی(72)بەهای (T)بریتی بوو(22.15) لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.000) هەروەك لە خشتەی (6) روونکراوەتەوە، واتە خوێندکاران ئاڕاستەیەکی ئەرێنیان هەیە بۆ پسپۆڕی خوێندنیان.

خشتەی (6)
ئاڕاستەی خوێندکاران  بۆ پسپۆڕی خوێندنیان لای نمونەی توێژینەوەکە

| پێوانە | ژمارەی نموونە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانی | نمرەی ئازادی | بەهای T | ئاستی بەڵگەداری | ڕێژەی هەڵە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاڕاستە بۆ پسپۆڕی | 628 | 86.07 | 15.91 | 77 | 627 | 22.15 | 0.000 | 0.05 |

**9-4 ئاشکراکردنی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری  لە نێوان خوێندکاران لە ئاڕاستەیان بۆ پسپۆڕی خوێندنیان بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز، پسپۆڕی خوێندن ،قۆناغی خوێندن، داهاتی مانگانەی خێزان.**

1- **ئاشکراکردنی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری  لە نێوان خوێندکاران لە ئاڕاستەیان بۆ پسپۆڕی خوێندنیان بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز.** دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری( Independent Sample T.Test) لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە ناوەندەژمێرەیی ئاڕاستە بۆ پسپۆڕی ڕەگەزی نێر بریتییە (84.52)بە لادانی پێوەری (15.97)بەڵام  ڕەگەزی مێ ناوەندەژمێرەیی گەیشتە (87.96)و بەلادانی پێوەری(15.68)هەروەها بەهای(T)بریتی بوو لە(2,7)لە ئاستی بەڵگەداری (0.007)بە نمرەی ئازادی (627)لێرەدا دەردەکەوێت بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز  جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاڕاستە بۆ پسپۆڕی خوێندن لای خوێندکاران هەیەو جیاوازیەکەش لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێیە،لە خشتەی(7) خراوەتە ڕوو.

خشتەی (7)
دەرخستنی جیاوازی ڕەگەز لە ئاڕاستەیان بۆ پسپۆڕی خوێندنیان

| ئاراستە بۆ پسپۆڕی خوێندن | ڕەگەز | ژمارەی نموونە | ناوەندەژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای t | ئاستی بەڵگەداری | ڕێژەی هەڵە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | 344 | 84.52 | 15.97 | 627 | 2.7 | 0.007 | 0.05 |
| | مێ | 283 | 87.96 | 15.68 | | | | |

-2 **ئاشکراکردنی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان خوێندکاران لە ئاراستەیان بۆ پسپۆڕی خوێندنیان بە پێی گۆڕاوی پسپۆڕی خوێندن**، دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری (Independent Sample T. Test) لەئەنجامدا دەرکەوت، کە ناوەندەژمێرەی ئاستی خودکارایی ئەکادیمی لای پسپۆڕیی زانستە مرۆییەکان (84.77) بە لادانی پێوەری (15.37) لە بەرامبەر ناوەندەژمێرەیی پسپۆڕیی زانستە سروشتییەکان (87.50) بەلادانی پێوەری (16.39) بەرامبەر بەهای (t) (2.15) لە ئاستی بەڵگەداری (0.032) ، واتا جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنێوان پسپۆڕی زانستە مرۆی و سروشتییەکان ئەو جیاوازییەش لە بەرژەوەندی پسپۆڕی زانستە سروشتییەکانە واتە ئاراستەیەکی ئەرێنییان هەیەسەبارەت بەپسپۆڕی خوێندنیان هەروەك لە خشتەی (8)ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (8)

دەرخستنی جیاوازی لە ئاراستەبۆ پسپۆڕی خوێندن و پسپۆڕی

| ئاراستە بۆ پسپۆڕی خوێندن | پسپۆڕی خوێندن | ژ.نمونە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای t | ئاستی بەڵگەداری | ڕێژەی هەڵە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | مرۆیی | 331 | 84.77 | 15.37 | 2.16 | 0.032 | 0.05 |
| | سروشتی | 297 | 87.50 | 16.39 | | | |

-3 **ئاشکراکردنی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان خوێندکاران لە ئاراستەیان بۆ پسپۆڕی خوێندنیان بە پێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن.**بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری (One way Anova) لە بەرنامەی (SPSS) ئەنجامەکان دەریانخست، کە ناوەندەژمێرەیی ئاستی خودکاری ئەکادیمی لای قۆناغی یەکەم (88.38)بەلادانی پێوەری(15.10)،ناوەندەژمیرەیی قۆناغی دووەم(87.02)بەلادانی پێوەری(16.26)،ناوەندە ژمیرەیی قۆناغی سێیەم(83.57) بەلادانی پێوەری (16.62)،هەروەها ناوەندەژمیرەیی قۆناغی چوارەم (85.14) بەلادانی پێوەری(15.31).و دەرکەوت بەهای (F)بریتی بوولە (2.70) لەئاستی بەڵگەداری (0.04) واتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنێوان قۆناغەکانی خوێندن وئاراستە بۆ پسپۆڕی خوێندن بەجۆرێك جیاوازیەکە لە بەرژەوەندی قۆناغەکانی (یەکەم،دووەم) دایە بەراورد بە قۆناغەکانی (سێیەم،چوارەم).

-4 **ئاشکراکردنی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان خوێندکاران لە ئاراستە بۆ پسپۆڕی خوێندن و بە پێی گۆڕاوی داهاتی مانگانەی خێزان.** دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری (One way Anova) لەبەرنامەی هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان(SPSS)لەئەنجامدا دەرکەوت، ناوەندەژمێرەیی ئاراستە بۆ پسپۆڕی خوێندن بۆداهاتی کەمتر لە(500.000) دینار (83.94) بە لادانی پێوەری (15.22)،وناوەندەژمێرەیی ئەوخوێندکارانەی داهاتی مانگانەی خێزانەکانیان لە(500.000)دینارتا(1000.000) دینار(86.27) بەلادانی پێوەری (15.15). ناوەندەژمیرەیی بۆ داهاتی(1000.000)دینار تا(1500.000) دینار(86.29) بەلادانی پێوەری(15.74). وناوەندە ژمێرەیی بۆ داهاتی سەرووی(1500.000)دینار (88.24)بەلادانی پێوەری (19.21) هەروەها دەرکەوت بەهای (F)بریتیە لە(1.43)لەئاستی بەڵگەداری (0.22) واتە هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە داهاتی مانگانەی خێزان و ئاراستە بۆ پسپۆڕی خوێندن بەدیناکرێت.

9-5. **ئاشکراکردنی پەیوەندی نێوان خودکارایی ئەکادیمی و ئاراستە بۆ پسپۆڕی خوێندن لای خوێندکارانی زانکۆیی کۆیە.**دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری (Person Correlation )لە بەرنامەی هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان(SPSS) ئەنجامەکان دەریانخست بەهای پەیوەندی(Person)لەنێوان خودکارایی ئەکادیمی و ئاراستە بۆ پسپۆڕی خوێندن بریتییە لە(0.57) لەئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.000) ڕێژەی هەڵە لە (0.01) واتە پەیوەندییەکی ڕاستەوانی ناوەند لە نێوان خودکارایی ئەکادیمی و ئاراستە بۆ پسپۆڕی خوێندن هەیە، ئەوەش بە واتای ئەوە دێت تاخودکارایی ئەکادیمی بەرز بێت ئاراستەی ئەرێنی بۆ پسپۆڕی خوێندنیش بەرز دەبێت وەك خشتەی (9) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (9)

دەرخستنی پەیوەندی نێوان خودکارایی ئەکادیمی و ئاراستە بۆ پسپۆڕی خوێندن

| پێوانە | ژمارەی نمونە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای پەیوەندی | ئاستی بەڵگەداری sig | ڕێژەی هەڵە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خودکارایی ئەکادیمی | 628 | 137.38 | 19.55 | 0.57 | 0.000 | 0.01 |
| ئاراستە بۆ پسپۆڕی خوێندن | | 86.07 | 15.91 | | | |

**10. ڕاسپاردەکان:**

لەژێر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی بەدەستهاتوون توێژەر ئەم ڕاسپاردانە ئاراستەی لایەنی پەیوەندیداردەکات.

1- بەمەبەستی بەرزهێشتنەوەی خودکارایی ئەکادیمی خوێندکاران سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە بە پلانێکی ورد و تۆکمە چەند شارەزایەکی دەروونی و پەروەردە ڕابسپێرێت لەسەر بەرێوەبردنی خولێك بە بەشدارپێکردنی خوێندکارانی هەردوو ڕەگەز بەشێوەی زۆرەملێ بۆ بەرزی مانەوەی خودکارایی ئەکادیمی لەژیانی خوێندکار کەبەهۆیەوە خوێندکار متمانە بەخۆبونی بەرزبێتەوە و توانای ڕووبەڕووبونەوەی ئاستەنگەکانیان هەبێت، خوێندکاران فێری پلاندانان بۆ ئایندەبکرێن.

2- لەبەر هۆکاری بەرزی ئاستی خودکارایی ئەکادیمی وەزارەتی خوێندنی باڵا کاربکات بۆ بەئەلیکترۆنی کردنی کتێبخانەکانی ناوەندی زانکوکان بۆئەوەی بەکارهێنان و وەدەستخستنی سەرچاوەکان لەلایەن خوێندکارانەوە ئاسان بێت.

3- وەزارەتی خوێندنی باڵاو وەزارەتی پەروەردە کاربکەن لە سەر تەرخانکردنی بەشێك لە سایتی زانکۆلاین بۆ ناساندنی پسپۆڕییە جیاوازەکان و بوارەکانی کارکردنیان لە ئایندەدا لەکاتی وەرگرتنی خوێندکاران و پڕکردنەوەی فۆڕمی زانکۆلاین دا.

**11. پێشنیارەکان:**

**لەژێر ڕۆشنای ئەنجامەکاندا پێشنیاری ئەم ناونیشانانە دەکرێت بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لەبارەیانەوە:**

1. توێژینەوەیەکی هاوشێوە لەسەرنمونەیەکی گەورەترلەزانکۆکانی تری هەرێمی کوردستان بکرێت.

2.ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لەسەر خودکارایی ئەکادیمی پەیوەندی بەرێزگرتنی خود لای خوێندکارانی زانکۆ.

3.ئەنجامدانی تویژینەوەیەك لەژێر ناونیشانی ڕازیبون لەژیان پەیوەندی بە خودکارایی ئەکادیمیی لای ئەو مامۆستایانەی لە قۆناغی ئامادەیی وانە دەڵێنەوە.

4.ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لەژێر ناونیشانی ئاراستە بۆ پسپۆڕی خوێندن و پەیوەندی بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایانی زانکۆ.

5.ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لە ژێر ناونیشانی تێکرایی نمرەی پۆلی دوانزەی ئامادەیی و جیاوازی لە نێوان ئاراستەی خوێندکارانی زانکۆ بۆ پسپۆڕی خوێندنیان.

6.ئەنجامدانی تویژینەوەیەك لەژێر ناونیشانی ئاراستە بۆپسپۆڕی خوێندن پەیوەندی بەمامەڵەی مامۆستاکان لەگەڵ خوێندکاران لای خوێندکارانی زانکۆ.

7.ئەنجامدانی تویژینەوەیەك بەهەمان ناونیشان بەمەرجێك ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری چاوپێکەوتن بەکاربهێنرێت.

**12. سەرچاوەکان:.**


1. بۆکانی، سابیر بکر مصطفى (2020) **میتۆدی توێژینەوەی زانستی**، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی
2. أبو مغلي . سميع,& سلامة . عبدالحافظ(2002) **علم النفس الاجتماعي**. ط1, دار اليازوري العلمية, الاردن.
3. الجبورى ,محمدعبدالهادي (2013) **قلق مستقبل و علاقتها بكل من فعالية الذات والطموح الاكاديمى والاتجاه لإندماج الاجتماعي للطلبة تعليم المفتوح بالدنمارك نموذجا**,اطروحة دكتؤرا غير منشورا, كلية اداب والبتربية قسم علوم الانسانية والاجتماعية.
4. الحلو.حكمت درو.& العكروتي. زريمق خليفة.(2004). **مدخل إلى علم النفس**.مكتب المصرى لتوزيع المطبوعات.ط1, قاهرة.
5. داود.عزيز حنا،و حسين. **تحسين على عيلم تغير الاتجاهات النفسية والاجتماعية**، مكتبة أنجلو المصرية
.
6. رمضان. عزيزة بسيونى محمد(2016). **فاعلية الذات ألكادمية وأسالية مواجهة الضغط الاكادمية لدى عينة طلاب المرحلة الجامعية**، دراسة تحليلية كيفية.رسالة ماجستير غير المنشورة. أسترجع من موقع https://arabpsychology.com/ بالتأريخ 19-10-2021.
7. شلول.الاف هارون رشيد(2020). **كفاءة الذات الاكاديمية وعلاقته بالذكاء الانفعالي لدى طلبة الجامعة الاردنية في الاردن**,نشر في مجلة جامعة القدس مفتوحة للأبحاث والدراسات تربوية والنفسية, مجلد 12. استرجع من موقع https://digitalcommons.aaru.edu.jo بالتأريخ 27-10-2021.
8. صوالحة.محمد أحمد,الزوعبي. محمد محمود(2012). **إتجاهات طلبة معلم الصف في جامعة الجرش نحو تخصصهم الأكاديمي وعلاقتها ببعض المتغيرات**, نشر في

المجلة جامعة الدمشق-مجلد 28-العدد الثالث, استرجع من موقع http://www.damascusuniversity.edu.syf بالتأريخ 3-11-2021.

9. عبدالله. نزار عبد العريس البوش(2018). **اتجاهات الطلبة كلية التربية نحو اختصاصاتهم الدراسية.** رسالة ماجستير المنشورة،جامعة قادسية،كلية التربية.إسترجع من موقع http://molsa.gov.iq/upload/upfile/ar/2344.Doc بالتأريخ 24-11-2021.

10. العتوم، عدنتن يوسف(2009). **علم النفس الاجتماعي**,اثراء للنشر والتوزيع, عمان الاردن,الطبعة الاولى.

11. العساسفة، زاهرة سليمان (2021). **القدرة التنبؤية للكفاءة الذاتية الأكاديمية لدى عينة من طالبات الثانوية العامة من خلال دراسة عن بعد في ضل جائحة كورونا بمهارات الاستذكار**, بحث منشورة في مجلة AJSP العدد الثاني والثالثون تاريخ الإصدار: 2 – حزيران – 2021 م.

12. علي.فاطمة محى الدين (2018) **كفاءة الذاتية وعلاقتها بالتوجهات الهدفية لدى طلبة مرحلة الثانوية في فلسطين**, رسالةماجستيرمنشورةاسترجع من موقع https://drive.google.com/file/d/1UMGZb9ETzJHN3Sfy7MSrHrvx_PTOzNni/view بالتأريخ 29-10-2021.

13. فضيلة,بوعمود(2016) **اتجاهات طلبة نحو تخصوصاتهم الدراسية,دراسة ميدانية على عينة من طلبة العلوم الاجتماعية بالولاية السعيدة**, رسالة ماجستير غيرمنشورة ,جامعة د.مولاى طاهر-السعيدة-كلية علوم الاجتماعية والانسانية,شعبة علوم التربية استرج من الموقع https://pmb.univ-saida.dz/busshopac/doc_num.php?explnum_id=84

14. كرماش.حوراء عباس(2016). **كفاءة الذات الاكاديمية المدركة لدي طلبة كلية تربية الاساسية,جامعة بابل ,** بحث المنشورة في مجلة التربية الأساسية للعلوم التربوية والإنسانية العدد/29. استرجع من موقع http://search.shamaa.org/FullRecord?ID=122798 بالتاريخ 16-10-2021 .

15. مجاهد.مهندس العلامي محمد فادي(2019) **نظريات تواصل و علم النفس التحليلي**, محازرة حادية عشر,جامعة بلاد الشام, استخرج في موقع http://shamkuftaro.org/wp-content/uploads/2019/11/lecture-7.pdf بالتأريخ 26-شباط-2022.

16. محمد.سهام ابراهيم كامل.(2008) **إتجاهات معلمات رياض الاطفال نحو العمل مع الطفل في ضوء بعض المتغيرات الديموجر افية**. رسالة ماجستير غير المنشورة, كلية رياض الاطفال, جامعة القاهرة.استرجع من موقع https://search.mandumah.com/Record/535257 في تاريخ 21-10-2021 .

17. مصطفى, باسل محمد مصطفى(2015)**دافع المعريفي وعلاقتها بالكفاء الذات المدركة لدى طلبة مرحلة الاعدادية في منطقة الناصرية**,رسالة ماجستير منشورة في, علم النفس التربوي,كلية علوم التربوية والنفسية,جامعة عمان العربية, استرجع من موقع http://thesis.mandumah.com/Record/232412 بالتأريخ 1-11-2021.

18. ميسة.فاطمة و ميسة . فضيلة (2014) **رضاء عن تخصص الدراسي وعلاقته بالمستوى الطموح لدى طلبة الجامعي.** رسالة ماجستير منشورة . جامعة الوادي , كلية العلوم الاجتماعية والانسانية. استرجع من موقع https://www.univ-eloued.dz/images/memoir/file/M.S-012-1.pdf. بالتأريخ 18-10-2021

19. Acharya.Avidit. Others (2018) **Explaining Preferences from Behavior: A Cognitive Dissonance Approach**. Available through < https://www.journals.uchicago.edu/toc/jop/2018/80/2 > on 20-marth 2022.

20. Bandura. A. (1977). **Self-efficacy: Toward unifyinytreory of Behavioral Chang** , psychological review,84, 191-215. Available through< https://www.uky.edu/> on 12 January, 2022.

21. Bandura . A. (1982). **Self- efficacy mechanism in Human Agency, article review ,** reprinted from American psychologist, Vol,37. No 2,February 1982, Available through <https://www.uky.edu/ On 12,january,2022.

22. Bandura, A. (1989**) exercise of Control through self-belief,** psychological review, Human Agency in social cognitive theory. Vol,44,No9, 1175-1184. Available through https://www.uky.edu/~eushe2/Bandura/Bandura1989AP.pdf on 19 October 2021.

23. Bandura, A. (2000). **Cultivate self-efficacy for personal and organizational effectiveness. In E. A. Locke (Ed.)**, Handbook of principles of organization behavior (pp. 120-136). Oxford, UK: Blackwell. Available through< https://www.uky.edu/> on 28 December 2021.

24. Chacrabartty. Satyendra Nath (2013) **Best Split-Half and Maximum Reliability** , Article published at IOSR Journal of Research & Method in Education (IOSR-JRME) e-ISSN: 2320–7388,p-ISSN: 2320–

Measurement. 7th ed. America: McGraw-Hill Companies.

34. Takata.G, takata .T. (1976). **The influence psychology , Reprinted as behavior and psychological man** , Berkley University Of California. Press .

**Academic Self-Efficacy Among Koya University Students' Relationship to Attitude Student Toward Specialization Study in Academic Year 2021-2022**

**Abstract**

The aim of this study investigates academic self-efficacy students Koya University, and to find out attitude students Koya University regarding their major. also reveal statistical differences between academic self-efficacy and attitude towards specialty of study according to variables gender, specialty study, stage of study, monthly family income. and reveal relationship between academic self-efficacy and attitude towards the specialty. Researcher used descriptive (relational)(comparative)method.The research population consisted of all students Koya University in the morning in grade(1-2-3-4) of(4316) students,sample(647)students(356)Male(291)female, who were randomly selected from Proportional stratified random sample, Scales of research was developed by researcher for both variables, statistical tools was used (Person, T-Test, One way ANOVA, Test of normality, Mean and SD)The results showed that academic self-efficacy is high, Statistical differences seen at the level of academic self-efficacy according to gender,the difference interest of female.no statistically differences in level of academic self-efficacy according stage of study, monthly family income, specialty study the sciences humanities and natural sciences, students of Koya University have positive attitude for specialization. There are Statistically significant observed in the attitude to specialty according the variable of major and stage of study. There no statistically significant difference between students in attitude to specialty according variable of monthly family income their middle ground between academic self-efficacy and attitude to specialization.

**Key words:** academic self-efficacy, attitude student toward specialty, university student.

737X Volume 3, Issue 1 (Sep. –Oct. 2013), PP 01-08 www.iosrjournals.org. Available from: https://www.researchgate.net/publication/321268802_Best_Split_-_half_and_Maximum_Reliability [accessed Jan 03 2022].

25. Connell, Janice & Others (2018): The **importance of content and face validity in instrumentdevelopment: lessons learnt from service users when developingthe Recovering Quality of Life measure** (ReQoL) , Quality of Life Research (2018) 27:1893–1902 Available through https://www.researchgate.net/publication/324624106 on 1, November,2021.

26. Cynthia, Lee and Phillip, Bobko. (1994). **Self-Efficacy Beliefs: Comparison of Five Measures**. Article review from Journal of Applied Psychology 79.3 (June 1994): 364–369. Available through <https://www.researchgate.net/> On 1, January, 2022 .

27. Hammad. Mahammad Ahmed(2016) **Future Anxiety and its Relationship to Students' Attitude toward Academic Specialization.** Special Education department, Najran University, Saudi Arabia. Journal of Education and Practice . Vol.7, No.15, 2016 .available through https://files.eric.ed.gov/fulltext/EJ1103253.pdf on 28,November,2021.

28. Hay, Amanda garner, Other's (2015) **APA Dictionary of Psychology** SECOND EDITION . AMERICAN PSYCHOLOGICAL ASSOCIATION • Washington, DC .accessed https://www.academia.edu/40596461/American_Psychological_Association_APA_Dictionary on 23,October,2021.

29. Maddux. J. E. (1995). **Self-Efficacy Theory an introduction** . available through < https://psycnet.apa.org/record/1995-98070-001 > accessed on 9-11-2021 .

30. Petty. Richard E.& Brinol Poblo(2012). **A history of attitudes and persuasion research, Stroebe(Eds.),** Handbook of the history of social psychology,(pp,285-320). New York: psychology press. Available through <https://www.researchgate.net/>On 27,january-2022 .

31. Sachitra. Vilane.& Bandara. Udari(2017). **Measuring the Academic Self-Efficacy of Undergraduates: The Role of Gender and Academic Year Experience.** Article published from World Academy of Science, Engineering and Technology, Vol:11, No:11, 2017, accessed in https://www.researchgate.net/ on 20-11-2021.

32. Sears.D,et,al,.(1985) **Social psychology , London: Prentice** Hall, Inc, 5th eD Available through < https://tsu.ge/data/file_db > on 3 ,January,2022..

33. Swerdlik, C., 2009. Psychology-Psycological Testing and Assessment: An Introduction to Tests and